# The policy of economic sanctions as a way to force migration of (1985-1990) villagers and its influence on Iraqi Kurdistan

Rebaz Dlawar Omer[1], Muhammad Abdullah Kakasur[2]
[1]Soran University, [2]Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.22*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The economy significantly influences individuals who strive to attain well-being through a strong economy. To achieve this, individuals frequently contemplate relocation as a viable choice, particularly when the poor economic conditions are linked to political authority. This study aims to emphasize the economic embargo imposed by the Ba'ath government on rural people in South Kurdistan, as well as its consequences and its role in compelling the population of the besieged area to move during the period of 1985-1991. An intense struggle has arisen between the Iraqi government and Kurdish political parties in southern Kurdistan. The Iraqi government views the villagers as the primary factor contributing to the continuation of the Kurdish revolution. Consequently, the banned communities were subjected to a rigorous economic blockade with the intention of compelling the residents to abandon their villages. The main question of this study is what the government meant by imposing economic sanctions on the villagers, and whether this siege has influenced the movement of residents and the evacuation of villages. What is the economic impact of population migration on the migrant population? This research aims to address these concerns by employing various approaches, including historical analysis methods and interpreting events. It utilizes specific documents and sources that are relevant to the events and impacts under investigation, while also for the other events exploring alternative methodologies. The main results of this study demonstrate that the Iraqi administration perceived the evacuation of communities as the decisive factor in terminating the Kurdish revolt. The economic embargo had a substantial impact on the movement of villages, compelling them to evacuate to alternative regions.*

***Keywords****: economic blockade, forced migration, restricted areas, rural, Iraqi Kurdistan, impacts.*

# سیاسەتی گەمارۆی ئابووری وەک ڕێگایەک بۆ کۆچی ناچاریی گوندنشینان و کاریگەریەکانی لە کوردستانی عێراقدا (١٩٨٥-١٩٩٠)


## پوختە

ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاڕاستەکردنی تاکدا دەبینێت، بۆیەش تاکەکان هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی لە ڕێگەی ئابووریەکی باشەوە دەدەن، بۆ بەدەستهێنانی ئەم خۆشگوزەرانیەش زۆر جار تاکەکان بژاردەی جێگۆڕکێی شوێنی ژیان بە بژاردەی کاریگەر دەزانن، بە تایبەت ئەگەر خراپی بارودۆخە ئابووریەکە پەیوەندیدار بە دەسەلاتێکی سیاسی بێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە؛ هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر گەمارۆی ئابووریی سەر گوندنشینانی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعس و کاریگەریەکانی و ڕۆڵی لە ناچارکردنی دانیشتووانی ناوچەی گەمارۆدراو بۆ کۆچێکی ناچاری، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٠، بەو پێیەی لەو ماوە مێژووییەدا ململانێیەکی توند لە نێوان حکومەتی عێراقی و پارتە سیاسیە کوردیەکان لە باشووری کوردستان لەئارادابووە، حکومەتی عێراقیش دانیشتووانی گوندەکانی بە هۆکاری سەرەکیی مانەوەی شۆڕشی کوردی دەزانی، بۆیە گوندە قەدەغەکراوەکانی خستەژێر گەمارۆیەکی توندی ئابووری، بە ئامانجی ناچارکردنی دانیشتووان بۆ چۆڵکردنی گوندەکانیان، پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لەوە دەبینێتەوە؛ ئایا حکومەت مەبەستی لە گەمارۆی ئابووریی سەر گوندنشیان چی بووە؟ ئایا ئەم گەمارۆیە ڕۆڵی لە کۆچی دانیشتووان و چۆڵکردنی گوندەکان هەبوە؟ یاخود کۆچی دانیشتووان چ کاریگەریەکی ئابووریی لەسەر دانیشتوە کۆچکردووەکان دروستکردوە؟ لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لە ڕێگەی پشتبەستن بە چەند میتۆدێک، وەک میتۆدی شیکاری - مێژوویی بە مەبەستی شیکار و شرۆڤەی ڕووداوەکان، بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی تایبەتمەند، بەپێی ڕووداوەکان و کاریگەریەکانیش هەوڵدراوە میتۆدی تر بەکاربهێندرێت، لەم

توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، لە گرنگترینیان، حکومەتی عێراقی چۆڵکردنی گوندەکانی وەک هۆکاری کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کوردی سەیرکردووە، گەمارۆی ئابووری ڕۆڵی دیاری لەسەر کۆچی دانیشتووانی گوندەکان و چۆڵکردنیان هەبوە، لەگەڵ بەدیارکەوتنی چەندین کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆچکردووان دوای جێهێشتنی گوندەکانیان و نیشتەجێبوونیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوچەکانی تر.

کلیلە وشەکان: گەمارۆی ئابووری، کۆچی ناچاری، ناوچە قەدەغەکراوەکان، گوندنشین، کوردستانی عێراق، کاریگەریەکان.

## پێشەکی

ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان عێراق و ئێران، پرسی سنووری کرد بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان، پێویست بوو ناوچە سنووریەکان بە درێژایی ٥ کم لە دانیشتووان چۆڵبکرێن، دواتر قوڵاییەکەی بوە ٣٠ کم، لە ساڵانی هەشتاکان ئەم سیاسەتە زیاتر پەرەیپێدراو هەموو ئەو گوند و ناوچانەی گرتەوە، کە حکومەتی عێراقی لە ڕووی سەربازیەوە توانای کۆنترۆڵکردنی نەبوو، بۆیەش بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر شۆڕشی کوردی، جگە لە سیاسەتی ڕاگواستن، حکومەت لە چەندین ڕێگاوە لەوانەش گەمارۆی ئابووری، ویستی سەرجەم دانیشتووانی ئەو گوندانە ناچار بە کۆچ بکات، چونکە گوندنشینان هۆکارێکی گرنگیی مانەوەی شۆڕشە کوردیەکان بوون.

**گرنگیی توێژینەوە:** گەمارۆی ئابووری ڕۆڵی دیاری لەسەر کۆچی ناچاری دانیشتووان هەبوە، زۆرترین کاریگەری هەمەلایەنەی بە دوای خۆیدا هێناوە، بە تایبەت لە ڕووی ئابووریەوە، چونکە کۆچکردووان لە زۆربەی کاتەکاندا دەبوایە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەنەوە، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی (سیاسەتی گەمارۆی ئابووری وەک

ڕێگایەک بۆ کۆچی ناچاریی گوندنشینان و کاریگەریەکانی لە کوردستانی عێراقدا ١٩٨٥_١٩٩٠)، بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی تایبەتمەند لە ڕێگەی گرتنەبەری **میتۆدی** شیکاری- مێژوویی، مەبەستەکانی ئەم گەمارۆیە و کاریگەریەکانی بخەینەڕوو، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی **چەند پرسیارێکی** وەک، ئایا حکومەت مەبەستی لە گەمارۆی ئابووریی سەر گوندنشیان چی بووە؟ ئایا ئەم گەمارۆیە ڕۆڵی لە کۆچی دانیشتووان و چۆڵکردنی گوندەکان هەبوە؟ یاخود کۆچی دانیشتووان چ کاریگەریەکی ئابووریی لەسەر دانیشتوە کۆچکردوەکان دروستکردوە؟.

**چوارچێوەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم، بە ناونیشانی (سیاسەتی کۆچی ناچاری)، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە مەبەست لە کۆچی ناچاری چییە و بۆ چ مەبەستێک حکومەتی عێراقی بەکاریهێناوە. لە تەوەری دووەمیشدا بە ناونیشانی (گەمارۆی ئابووری وەک ڕێگایەک بۆ کۆچی ناچاریی گوندنشینان)، هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر ڕێکارەکانی گەمارۆی ئابووری و خستنەڕووی سووربوونی حکومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی گەمارۆکە و ئامانجەکانی. لە تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (کاریگەریە ئابووریەکانی سیاسەتی کۆچی ناچاری)، جەخت لەو کاریگەریە ئابووریانە کراوەتەوە، کە ڕووبەڕووی کۆچکردووان بوەتەوە لە دوای کۆچکردنیان، بە تایبەت لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و ئەو شوێنانەی کە بۆی ئاوارەبوون.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگیرێت، بە تایبەت بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقی پەیوەست بەم بابەتە، کە زیاتر شێوازی گەمارۆکە و ئامانجەکانی سیاسەتەکەی بۆ ڕوونکردووینەتەوە، لە کۆتاییشدا چەند خاڵێک وەک ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: سیاسەتی کۆچی ناچاری

سیاسەتی ناچارکردنی دانیشتووان بۆ کۆچکردن، وەک تەواوکاریی سیاسەتی ڕاگواستن لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بەرانبەر بە دانیشتووانی گوند و ئاوایيە کوردیەکان پیادەکراوە، ئەم سیاسەتەش بە هەمان شێوەی ڕاگواستن بوەتە هۆی چۆڵکردنی چەندین گوند و ئاوایی کوردستان و نیشتەجێبوونی دانیشتووانەکەی لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و وڵاتانی دەورووبەر، بۆ ناچارکردنی دانیشتوانیش حکومەت چەندین ڕێگا و شێوازی بەکارهێناوە، کە بوونەتە هۆی خێرا بەڕێوەچوونی سیاسەتی کۆچی ناچاری.

چەندین پێناسە بۆ کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان لەلایەن دەزگا یاسایيە جیهانیەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کراون، لە هەموو پێناسەکانیشدا کۆچی زۆرەملێ وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ئاماژەپێدراوە (بۆ بینینی پێناسەی کۆچی زۆرەملێ لە دەزگا یاسایيە جیهانیەکان بڕوانە: قفیشە، ٢٠٢٢: ١٥-٢١)، هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە کۆچی ناچاریی دانیشتوان بریتیە لە ناچارکردنی دانیشتوان بۆ جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و کۆچباربوونیان لەپێناو مانەوەیان لە ژیان، بە کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت بە گروپێکی دەسەڵاتدار، لەڕێگەی بەکارهێنانی چەند هۆکارێک بۆ ناچارکردنی دانیشتوان بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵن.

ئاشکرایە کە ململانێی سیاسی و ناسەقامگیریی هەر ناوچەیەک لە ڕووی سیاسیەوە، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی شێوانی شیرازەی ناوچەکە لە زۆر ڕووەوە، هەر بۆیەش دانیشتووان بە دوای سەقامگیریدا دەگەڕێن و کۆچیش یەکێک دەبێت لەو ڕێگایانەی کە بۆ زاڵبوون بەسەر بارودۆخی ناسەقامگیریی وڵات بەکاردەهێنرێت (قفیشە، ٢٠٢٢: ١٣).

لە هەندێک شوێن و کاتدا حکومەتی عێراقی ئەگەرچی بە فەرمی ناوچەیەکی ڕانەدەگواست، بەڵام ئەو ڕێکارانەی بەرانبەر ئەو ناوچەیەی دەیگرتنەبەر هۆکار بوون بۆ کۆچی ناچاریی

دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراو (ڕێبازی نوێ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ژ: ١١، ل٧)، ئەگەر بەڵگەنامەیەکی حکومەت بە نموونە وەربگرین، لە ئاستی گەمارۆی سەر گوندە قەدەغەکراوەکان تێدەگەین و ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەو گەمارۆیانە چەندە لەسەر کۆچکردنی دانیشتووانی گوندەکان کاریگەربوونە، بە تایبەت کە دانیشتووانی گوندەکان لەو کاتدا خۆیان خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بوون، بۆ نموونە لە بەڵگەنامەیەکدا کە نووسراوێکی بیرۆی باکووری حزبی بەعسە بە ژمارە (٢٨/ ٤٦٨٤)ی ڕێکەوتی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥، بۆ لیژنە ئەمنیەکان و فەیلەقی یەک نێردراوە، تیایدا چەند خاڵێک ئاماژەیانپێدراوە، کە پێویستە لەسەر ناوچە قەدەغەکراوەکان جێبەجێبکرێن، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دراوە، کە پێویستە بەشە خۆراک بەگوێرەی پێویستی کەسەکان دابەشبکرێت، لیژنەیەک بەشی هەر کەسێک بخەمڵێنێت، پێویستە دابەشکردنی خۆراک لە ڕێی کارتی خۆراکی بێت و لیژنەیەک سەرپەرشتیبکات، کە نوێنەرانی حزب و ئەمن لەو لیژنەیەدا هەبن، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی خۆراک زیاد نەبێت و بگاتە ناوچە قەدەغەکراوەکان، ڕێگری لە هەر کەلوپەلێک بکرێت، کە بچێتە ناوچە قەدەغەکراوەکان، بڕینی هەر جۆرە خزمەتگوزاریەک وەک ئاو، کارەبا، تەندروستی و داخستنی قوتابخانەکان لە گوندە قەدەغەکراوەکان، ڕێگری لە گەیشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی جوتیارانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بۆ شارەکان و ڕێگەنەدان بە هەر گواستنەوەیەک. بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بڕوانە: (CHAK, 2007: 12-13 ؛ ساڵح، ٢٠٠٩: ٢٣٨)، ئەم بەڵگەنامەیە بەڵگەیەکی ڕوون دەدات بەدەستەوە، کە گەمارۆ ئابووریەکەی سەر گوندنشینان زۆر سەخت بوە و بە ئەستەم دەتوانرێت دانیشتووانی هەر ناوچەیەک ڕووبەڕووی ئەم جۆرە سزایانە لە یەک کاتدا ببنەوە، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ مانەوەیان لە ژیان چۆڵکردنی گوندەکانیان و نیشتەجێبوون لە ناوچە ئارامەکان بووە. ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە ناوچەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاکان و بە دیاریکراویش ناوچە شاخاویەکانی، بارەگای زۆرینەی پارتە سیاسیەکانی لێبوو، بۆ نموونە لە دۆڵی خۆشناوەتی

و دۆڵی باليسان بارەگای لقی دووی پارتی ديموكراتی كوردستان، مەڵبەندی سێی يەكێتيی نيشتيمان كوردستان و كەرتی حزبی شيوعی لیبوو (كاكە، ٢٠٢٠: ٢٩٥)، ئەمەش ڕاستەوخۆ كاريگەری هەبوو لەسەر سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر گوندنشينان و دياريكردنی ئەو شوێنانە وەک ناوچەی قەدەغەكراو.

حكومەت هەر گوندێكی كەوتبايە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی و بیزانيايە ناتوانێت لە ڕووی سەربازيەوە بەتەواوەتی كۆنترۆڵيبكات و پێشمەرگە بيتوانيايە لێی بمێنێتەوە، دەيكرد بە ناوچەی قەدەغەكراو (CHAK, 2007: 11)، بۆ نموونە لە بروسكەيەكی بەڕێوەبەرايەتيی ئەمنی شەقڵاوە، كە ئاڕاستەی ياريدەدەرێتيی ئەمنی شەقڵاوە كراوە، تيايدا هاتووە، كە پێويستە خەڵكی گوندی سيساوە ئاگاداربكرێنەوە، كە ناوچەكەيان دەبێتە ناوچەی قەدەغەكراو، بەهۆی ئەوەی كە كەوتوەتە ژێر كاريگەريی هەژموونی پێشمەرگە و گوندەكە بۆ دانيشتووانەكەی سەلامەت نییە (ئەكاديميای كوردی، (٧٣)، برقية سرية فورية، العدد (١٠٥٢٤)، ٢/ ١٢/ ١٩٨٧)، كەواتە حكومەت هەر گوندێک كە بيويستايە دەيكرد بە ناوچەی قەدەغەكراو، بەمەش ڕاستەوخۆ ئەو گوندە كۆمەڵێک سزای بە سەردا دەسەپێنرا، چونكە سياسەتی كۆچی ناچاری زیاتر لەو گوند و ئاوايیانە ئەنجامدەدرا، كە لەلايەن حكومەتەوە وەک ناوچەی قەدەغەكراو هەژماردەكران، هەرچەندە ئەگەر ئەو گوندە لە ناوچە سنووريەكان دووريش بووايە ياخود گوندەكە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەش نەبوايە، لەم بەڵگەنامەيە بەم ڕاستيە دەگەين، چونكە لە كاتێكدا بڕياردراوە گوندی سيساوە بكرێتە ناوچەی قەدەغەكراو، كە گوندەكە هەم كەوتبوە سەر ڕێگای سەرەكيی نێوان هەولێر و هەرير، وە نزيک بوە لە كۆمەڵگای زۆرەملێی هەرير كە هێزێكی زۆری ئەمنی لە چواردەوری ئۆردوگاكەدا بە بەردەوامی بوونی هەبوە، حكومەت ژمارەيەكی زۆری دانيشتووانی گوندە سنووريەكانی بۆ نزيک ئەو گوندە ڕاگواستوون، چونكە ئەم ناوچەيە بە ناوچەيەكی تەواو كۆنترۆڵكراو لەلايەن حكومەت هەژماركراوە، دەشكرێت مەبەستی حكومەت لەم كارەی زیاتر كۆنترۆڵكردنی

ڕاگوێزراوانی ئۆردوگای زۆرەملێی هەریر بووبێت، بۆ ئەوەی چواردەوری ئۆردوگاکە ناوچەیەکی قەدەغەکراوبێت، بەو پێیەی بوونی هەر مرۆڤێک لە ناوچەی قەدەغەکراو، قەدەغە بوو و ڕووبەڕووی دەستگیرکردن و کوشتن دەبووەوە.

**تەوەری دووەم: گەمارۆی ئابووری وەک ڕێگایەک بۆ کۆچی ناچاریی گوندنشینان**

بەئامانجگرتنی لایەنی ئابووریی گوندنشینان، یەکێک بوو لەو ڕێگایانەی کە حکومەتی بەعس دەیەویست لە ڕێگەیەوە دانیشتووانی گوندەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان ناچاربکات گوندەکانیان چۆڵبکەن و لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا نیشتەجێببن.

ئابووریی کوردستان لە زۆر لایەنەوە گرنگیەکی زۆری هەبوە[١]، بۆ نموونە مەلیک فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) کوردستانی عێراقی لەبەر گرنگیە ئابووری و سیاسیەکەی بە سەری عێراق (رأس الدولة) ناساندوە (دزەیی، ٢٠٠١: ١٦٨)، پێمانوایە ئەو گرنگیە ئابووریە هۆکارێک بوە بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستاندا، چونکە خەڵکی گوندەکان دەتوانن بە ئابووریەکەیان بە تایبەت لە ڕووی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەوە خۆیان بژیێنن و هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگەش بکەن.

لە دوای ساڵی ١٩٧٥ سیاسەتی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەرانبەر کورد لە باشوور پەیڕەوکراوە، بەڵام بە تایبەتتر لە نیوەی دووەمی هەشتاکان هەمیشە چەکێکی کاریگەریی حکومەتی بەعس بووە، کە دژی گوند و ئاواییە کوردیەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بەکاریهێناوە (دزەیی، ٢٠٠١: ٤٧-٤٨). ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی چالاکیە سەربازیەکانی پێشمەرگە و سەختتربوونی شەڕی نێوان عێراق و ئێران.

بەپێی بڕیارێکی بیرۆی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعس، ژمارە (٢٢٦) لە ڕێکەوتی ٤ی ئەیلولی ١٩٨٥، بڕیاردراوە کە ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ئەو گوندانەدا بسەپێندرێت، کە دەکەونە

دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە، هەر لە بڕیارەکەدا هاتوە، کە پێویستە ئەم گوندانە ئاو، کارەبا و تەلەفۆنیشیان لێببڕێت، دەبێت قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیش لەم گوندانە دابخرێن (محەمەد، ٢٠٢٣: ٥٤).

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٦ بە تایبەت کاتێک چالاکیی شەڕی پارتیزانیی پارتە سیاسیەکانی دژبەری حکومەت زیادیانکرد، حزبی بەعس بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی ئەمشەڕانە، فەرمانی بە بەرپرسانی بەعس و فەرماندە سەربازیەکان کرد، گەمارۆیەکی توندتری ئابووری بخەنەسەر هەموو ئەو گوند و ئاوایيانەی کە بارودۆخی ئەمنی تێیاندا ئارام نییە (بارزانی، بەشی دووەم، ٢٠٢١: ٢٩٠)، ئەم هەنگاوەش ئەگەرچی هەنگاوێک بوو دژی هێزە سیاسیەکان، بەڵام قوربانی سەرەکی گوندنشینان بوونە، چونکە لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشدەبوون و ڕێگا بە جوتیاران نەدەدرا زەویەکانیان بکێڵن و کشتوکاڵی تێدا بکەن، ئەنجامەکەشی چۆڵکردنی گوندەکان دەبوو (ڕێبازی نوێ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ژ:١١، ل٧)، ئەمەش لە نووسراوێکی لقی باکووری حزبی بەعس بە واژۆی علی حسن مجید بە ژمارە (٢٨/ ٣٦٥٠)ی ڕێکەوتی ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کە ئاڕاستەی کۆمەڵێک دەزگای مەدەنی و سەربازی، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر کراوە، بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت، لە خاڵی یەکەمیدا باس لەوە دەکات بە هیچ شێوەیەک نابێت هیچ خۆراکێک و مەکینە و ئامێری کشتوکاڵی بگاتە دەستی دانیشتووانی ناوچە قەدەغەکراوەکان، لە خاڵی سێیەمیشدا ئاماژە بەوە دراوە، کە دەبێت دروێنەی گەنم و جۆی جوتیاران لە گوندەکان تا ١٥ی تەمموز کۆتاییپێبێت و لەوە بەدواوەش ڕێگەنادرێت کشتوکاڵ لەو ناوچانەدا بکرێت، لە خاڵی چوارەمیشیدا ڕێگەدەگرێت تەنانەت ئاژەڵانیش لە سنووری ئەو گوندانەدا بلەوەڕێندرێن (ئەکادیمیای کوردی، (٣)، سری الغاية وشخصی، العدد (٢٨/ ٣٦٥٠)، ٣/ ٦/ ١٩٨٧)، دوای تەنها پێنج ڕۆژیش ئەمنی پارێزگای هەولێر بە نووسراوی ژمارە (٤٧٥٤)ی ڕێکەوتی ٨ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کە بۆ سەرجەم بەشەکانی

نێردراوە، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی نووسراوی ژمارە ٢٨/ ٣٦٥٠ی ڕێکەوتی ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەکاتەوە (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٤٧).

هەمان ئەو ناوەڕۆکەی لەم بەڵگەنامانەدا بەدیدەکرێت، لە چەندین نووسراوی تری دەزگا حزبی و حکومیەکانی سەردەمی بەعس ڕەنگیداوەتەوە، بە چڕی کاری لەسەر کراوە (ڕێبازی نوێ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ژ: ١٠، ل٢)، علی حسن مجید، لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی باکوور و پارێزگارەکانی ناوچە کوردیەکان لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٨ دەڵێت: **"لە ئێستا بە دواوە من ئارد، شەکر، نەوت، ئاو و کارەبا نادەم بەو گوندنشینانەی لەوێ بژین"** (وۆچ، ٢٠٠٤: ٥٢٨).

بابەتی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر گوندە قەدەغەکراوەکان، هەمیشە لەلایەن خودی علی حسن مجیدەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە بەڵگەنامەیەکدا بە ژمارە (٨٤٠٥)ی نیسانی ١٩٩٢ بە ناونیشانی **"دەقی گفتوگۆکانی عەلی حسن المجید لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای بەعس دەربارەی کیمیاباران و سەرکوتکردنی خەڵکی باکوور"** کە لەلایەن باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عەمان بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە نێردراوە، باس لەوە دەکرێت، کە سێ کاسێتی دەنگی علی حسن مجیدیان دەستکەوتوە، کە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی بەعس لە کوردستان تۆمارکراون، کە تیایدا ئاماژە بە دەنگی علی حسن مەجید کراوە، کە فەرماندەکات بەوەی پێویستە گوندنشینان ناچار بە کۆچکردن بۆ شارەکان بکرێن لە ڕێگەی بێبەشکردنیان لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان، بە دەق ئاماژە بە قسەی علی حسن مجید دەکات، کە دەڵێت: **"دەرکردنی خەڵک لە ناوچە گوندنشینەکان بۆ ناوچە شارنشینەکان لە باکوور سوودی دەبێت، من هیچ شتێک نادەم بە دانیشتووانی گوندەکان بۆ ئەوەی ناچاربن کۆچبکەن بۆ شارەکان، بۆ دەبێت هەموو هەفتەیەک ٤ دەبە نەوت بدەم بە گوندنشینەکان، تەنها دەبەیەکیان دەدەمێ، ئاردیان نادەمێ، شەکریان نادەمێ، نەوتیان نادەمێ کارەبایان نادەمێ یان**

**ئاویان نادەمێ، با بێن بۆ لام بۆ ئەوەی دەنگم ببیسن و بیخەمە ناو مێشکیانەوە ئیدوئلۆژی، کولتوور و هۆشیانی چۆناوچۆنە"** (رەحمانی، ٢٠١٣: ١٢٣-١٢٤)، ئەم وتانەی علی حسن مجید ئاستی خۆبەزلزانین و بڕیارە توندەکانی دەردەخات، بەڕادەیەک کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە بڕیارەکانی جێبەجێبکرێن.

بە مەبەستی توندکردنی گەمارۆی ئابووری پێشنیازی کەمکردنەوەی بریکاری خۆراک بۆ ئەو گوندانەی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نزیکن، کراوە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی ئەمنی شەقڵاوە بە ژمارە (٣٢٠)ی ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧، کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر وەک وەڵامی بروسکەی ژمارە (١٩)ی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ نێردراوە، تیایدا هاتووە؛ لەپێناو باشتر سەپاندنی گەمارۆکە پێویستە گوشار لەسەر دانیشتووانی ئەو گوندانە زیاتر بکرێت، کە لە هێزەکانی پێشمەرگە نزیکن، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بریکارەکانی خۆراک (ئەکادیمیای کوردی، (٥٤)، برقية سرية، العدد (٣٢٠)، ١٥/ ١/ ١٩٨٧)، تەنانەت هەوڵی زۆر بۆ ئەوە دراوە ئەو خۆراکانەی دابەشدەکرێن و لە بازاڕەکاندا بوونیان هەیە، تەنها بەشی پێویستی هاووڵاتیان بێت (مستەفا، ٢٠١٣: ٤٦).

بەپێی نووسراوی سەرۆکی بەشی ئابووریی وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر، بە ژمارە (٢٤٨)ی ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ کە تیایدا ئاماژە بە بڕیارەکانی لیژنەیەک دەدات، کە پێکهاتوون لە (تاهیر تۆفیقی سەرۆکی لیژنەکە و ئەندامێتیی خالد محمد عباس بەرپرسی کەرتی ئیستیخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵات، فرحان مطلگ صالح بەرپرسی کەرتی ئیستیخباراتی باکوور و عبدالرحمن عزیز حسین بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی) علی حسن مجیدیش ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە داوە، ئەم لیژنەیە نارەزایی توندیان دەربڕیوە بەوەی گەمارۆی ئابووریی سەر ناوچە قەدەغەکراوەکان سەرکەوتوو نەبووە، هێشتا خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی دەگاتە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بۆیە چەند بڕیارێک دەردەکەن، وەک

توندکردنی خاڵەکانی پشکنین، داخستنی بەشێک لە دوکانەکانی خواردەمەنی لە شارۆچکەکان، چاودێری پۆلیسی نهێنی بۆ نانەواخانە، چێشتخانە و چایخانەکان، قەدەغەکردنی فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچە قەدەغەکراوەکان، کەمکردنەوەی بەشە خۆراک کە تەنها بەشی خواردنی پێویست بکات و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی دڵسۆزیی کارمەندانی بەشی دابەشکردنی خۆراک (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٥٨). ئەم بڕیارانە زیاتر مەبەست لێی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بووە، بۆ ئەوەی هیچ بڕێک لە خۆراک و پێداویستی لە بەشی دانیشتووان زیاد نەبێت، نەوەک هەوڵبدرێت بە ڕێگەی قاچاغ ببرێنە ناوچە قەدەغەکراوەکان.

هەر لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ زیاتر سەپاندنی گەمارۆ و وێرانکردنی ئابووریی گوندنشینان، حکومەت بڕیاریداوە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕێگەبدرێت بەروبوومی جوتیارانی کورد لە گوندەکانیان بگاتە بازاڕەکان بە مەبەستی ساغکردنەوەیان (مستەفا، ٢٠١٣: ٧٦).

لە بڕیارێکی تری بیرۆی باکووری حزبی بەعس، لە خاڵی چوارەمی هاتوە "**هاتوچۆکردن بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان، ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و هەر کارێکی تری بەرهەمهێنان قەدەغەیە، لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکانیش پێویستە بە وردی ئەم بڕیارە جێبەجێبکەن، بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن**" (زانکۆی دهۆک- سەنتەری بێشکچی، (٦٧)، التعامل مع القرى المحذورة أمنيا، (٢٨/ ٤٠٠٨)، ٢٠/ ٦/ ١٩٨٧).

بەهۆی ئەوەی گوندە دوورەدەستەکان کرابوون بە ناوچەی قەدەغەکراو، خەڵک ئەوەی ڕاشنەگواسترابوو ئەوا ڕووبەڕووی کۆچپێکردن ببوونەوە و گوندەکان لە خەڵک چۆڵکرابوون، بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر نزیکی شارەکان دەبوونەوە و حکومەتیش هەر شوێنێک ببوایە هۆکاری هاوکاری بۆ پێشمەرگە وێرانیدەکرد، بۆ نموونە لە بەڵگەنامەیەکدا کە بریتییە لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەیەک، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە بە ژمارە (٥٥)ی ڕێکەوتی ٥ی نیسانی ١٩٨٧، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر نێردراوە، تیایدا

داواکراوە ئەو کێڵگە پەلەوەریانەی کە دەکەونە سنووری گوندە نزیکەکانی شەقڵاوە وێرانبکرێن، بەهۆی ئەوەی ئەو کێڵگانە هۆکارێکن بۆ بردنی کەلوپەلی قاچاغ بۆ گوند و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، کاتێک خاوەنەکەی سووتەمەنی و خۆراک بە ناچاری بۆ پێشمەرگە دابیندەکات و بوون بە شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و دەستخستنی کەلوپەلی پێویست (بۆ بینینی بەڵگەنامە بڕوانە: CHAK, 2007: 47-50)

ئەو گەمارۆ ئابووریانە لە کاتێکدا بوونە، کە لە ساڵی ١٩٨٣ وە عێراق بە گشتی لە ڕووی ئابوورییەوە ساڵ بۆ ساڵ بەرەو خراپتر دەچوو، بەشێوەیەک بەهای دیناری عێراقی ڕوو لە دابەزین بوو، تێچووی دابینکردنی خواردەمەنی و پێداویستیەکان ڕوو لە هەڵکشان بوە (سلوغلت و سلوغلت، ٢٠٠٣: ٣٤٧)، بۆیە لەو کاتەدا دانیشتووانی گوندە قەدەغەکراوەکان سەرەڕای بارودۆخی خراپی ئابووریی گشتی، ڕووبەڕووی گەمارۆی ئابووریش بوونەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبوو.

هێزەکانی حکومەت زۆر سوربوونە لەسەر ڕێگەنەدان بە شکاندنی گەمارۆی سەر گوندەکانی ناوچەی قەدەغەکراو و هەموو ڕێگەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە گرتوەتەبەر، بۆ نموونە بەپێی نووسراوی ئەوپەڕی نهێنیی ئەمنیی پارێزگای هەولێر ژمارە (س٣/ ٦٣)ی ڕێکەوتی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٧ کە ئاڕاستەی گشت بەڕێوەبەرایەتی و بنکەکانی ئەمن و هۆبەی سیاسی کراوە، بڕیاردراوە دەستبەسەر هەموو تراکتۆرەکاندا بگیرێت، نەوەک لە شکاندنی گەمارۆی ئابووریی سەر ناوچە قەدەغەکراوەکان هاوکاربن، ئەگەر کارێکی واش بەرچاوکەوتبایە ئەوا خاوەنی تراکتۆرەکە توندترین سزای بەردەکەوت، تەنانەت بڕیاردراوە دەستبەسەر هەموو ئەو ئاژەڵانەشدا بگیرێت، کە توانای گواستنەوەی شتومەکیان بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان هەیە (کتاب مديرية أمن محافظة اربيل، عدد: س٣/ ٦٣، ٢٩/ ٩/ ١٩٨٧)، وەرگیراوە لە (مستەفا، ٢٠١٣: ٥٢).

بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر لە نووسراوێکیدا بە ژمارە (٤٣٥)ی ڕێکەوتی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧، کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمنی قەزاکانی صدیق، شەقڵاوە و کۆیە کراوە، تیایدا باس لەوە کراوە، تێبینیدەکەن هێشتا خواردەمەنی و نەوت لە ناوچە سنووریەکان دەگاتە دەستی پێشمەرگە، بۆیە داواکراوە بازگە و مەفرەزە لە نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و پێشمەرگە زیادبکرێن و ئەو بابەتە بە گرنگ سەیربکرێت (ئەکادیمیای کوردی، (٥٤)، تهريب المواد الغذائية، العدد (٤٣٥)، ٢١/ ١/ ١٩٨٧)، بەردەوامیش لە نووسراوەکانی حزبی بەعس جەخت لەسەر گەمارۆی ئابووری کراوەتەوە، بەپێی نووسراوی هۆبەی ئابووریی هەولێر ژمارە (٤٨)ی ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ کە ئاڕاستەی سەرجەم بەشەکانی کراوە، تیایدا هاتوە، کە لەسەر ڕەزامەندیی علي حسن مجيد بڕیاردرا گەمارۆی ئابووری بەسەر سەرجەم ئەو ناوچانەدا بسەپێندرێت، کە کاری تێکدەری تێدا ئەنجامدەدرێت (ئەکادیمیای کوردی، (٨٢)، الحصار الاقتصادى، العدد (٤٨)، ١٤/ ١١/ ١٩٨٨)، هەرچەندە ئەم فرمانانە پێشووتریش دەرکرابوون، بەڵام بەردەوام وەک جەختکردنەوە، دووبارەکراونەتەوە.

جگە لەوەی کە حکومەت ئامانجی لەم گەمارۆ ئابووریە ئەوە بووە، کە لە ڕووی ئابووریەوە شۆڕشی کوردی پەرێشانبکات، خواست و ئامانجێکی تریشی ئەوە بوو لە ئەنجامی سیاسەتی ئەم گەمارۆیە و سیاسەتی زەوی سووتاندن و لەناوبردنی ڕەز و باغی جوتیاران، خەڵکی گوندەکان ناچاربکات بۆ شارەکان کۆچبکەن (دزەیی، ٢٠٠١: ٣٦).

لە هەنگاوێکی تردا حکومەت هەموو ئەو ئامێرە کشتوکاڵیانەی پێشووتر دابوونی بە جوتیارانی گوندە قەدەغەکراوەکان لێیسەندوونەتەوە، ئەوانی تریش بەڵێننامەیان لێوەرگیراوە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی ئەمنی مەسیف بە ژمارە (٩٥)ی ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ کە بۆ ئەمنی شەقڵاوە نێردراوە، ئاماژە بە برووسکەی پێشووی ئەوان بە ژمارە (٨٦)ی ڕێکەوتی ٨ی کانوونی دوومی ١٩٨٧ دەکات، تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە پێویستە هەموو ئەو

ئامێرە کشتوکاڵیانە لەو جوتیارانە وەربگیرێتەوە، کە گوندەکانیان ناوچەی قەدەغەکراون، ئەو گوندانەش کە قەدەغەکراو نین پێویستە جوتیارەکان بەڵێننامە بە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار پڕبکەنەوە، ئەگەر هاتوو ئەم ئامێرە کشتوکاڵیانەیان بردە گوندە قەدەغەکراوەکان، ئەوا پێویستە پارەکە بدەن (ئەکادیمیای کوردی، (٦٩)، جواب برقية، العدد (٩٥)، ١٠/ ١/ ١٩٨٧).

ئەم هەوڵانەی حکومەتیش لەلایەنی ئابوورییەوە دەچێتە نێو چوارچێوەی جینۆسایدی ئابووری، بەو پێیەی جینۆسایدی ئابووری بریتییە لە برسیکردن و وێرانکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی گروپێکی دیاریکراو، بەمەبەستی لەناوبردن یاخود ناچارکردنیان بە کۆچکردن لە نیشتیمان یاخود زێدی خۆیان (گوڵ، ٢٠٠٢: ١٨).

تەنانەت حکومەت پەنایدەبردە بەر بڕینەوەی دار، وێرانکردنی کانیاوەکان و پڕکردنەوەیان بە کەرەستەی چیمەنتۆ و سوتاندنی باغ و دارستانەکان، وەک ڕێگایەک بۆ کۆچپێکردنی ناچاری دانیشتووانی گوندەکان (دزەیی، ٢٠٠١: ٤٩).

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨ حکومەت لە هەوڵی ئەوە دابوو ئەو گەمارۆ ئابوورییەی خستبوویە سەر شارە کوردیەکان، کەمبکاتەوە، بۆ نموونە بە پێی نووسراوی نهێنی و تایبەتی ژمارە (١٤٩٥١)ی ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ی بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئاماژە بەوە دراوە، کە گەمارۆی ئابووریی سەر کوردستان بە هێواشی کەمبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغە لەسەر فرۆشتنی گازوائیل و هەندێک جۆری خواردن هەر بمێنێتەوە، ڕێگەش بە فرۆشتنی خواردەمەنی بۆ دەرەوەی ئۆردوگا زۆرەملێکان نەدرێت، هەر ئۆردوگایەکی زۆرەملێش بزانرێت خواردن بە قاچاغ بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان دەبات، ئەوا بەشە خۆراکی ئەم ئۆردوگایە دەبڕدرێت (ووچ، ٢٠٠٤: ٤٨٠).

فەرماندەیی مەکتەبی باکووری حزبی بەعس بە فەرمانی ژمارە ( ٣٣٣٥)ی ڕێکەوتی ٩ی نیسانی ١٩٨٩، قەدەغەی سەر کێڵان و داچاندنی زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکانی

کەمکردەوە، بە تایبەت ئەو زەویانەی کە دەتواندرێت کاریان تێدا بکرێت، وە بە کرێدانی زەویە کشتوکاڵیەکانی سەر بە حکومەت (وۆچ، ٢٠٠٤: ٤٨١)، ئەم هەنگاوەش دوای کۆبوونەوەی پارێزگارەکان، بەرپرسی فەیلەقەکانی سوپا و بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان و بە ئامادەبوونی علی حسن مجید هات، بۆ نموونە لە نووسراوێکی نهێنی و کەسیی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری ناوچەی باکوور، ژمارە (ش٣/ ق٣/ ٤٠١)ی ڕێکەوتی ١٢ی ئازاری ١٩٨٩ کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی گشتیی سەربازی (ش٣) لەژێر ناوی کۆنووسی کۆبوونەوە نێردراوە، لە خاڵی دووەمدا ئاماژە بەوە دراوە، کە دەستنیشانی ئەو ناوچانە بکرێت، کە دەتوانرێت کشتوکاڵیان لێبکرێت و بە ڕۆژ خەڵکی تێدا بمێنێتەوە، یان دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە دەتوانرێت خەڵک بە شەو و ڕۆژ لێیان بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کە لە ناوچەی قەدەغەکراودان (ئەنفالستان، ٢٠١٨: ٣٠٣)، سەرەڕای ئەوەش، ئەم بڕیارە بە گشتی لە بەرژەوەندیی تەواوی ڕاگوێزراوان و کۆچپێکردووان نەبوو، چونکە ئەوانەی کە سوودمەندی بڕیاری لێبوردنی گشتی بوون، نەدەگرتەوە، وە مەرجیش بۆ خەڵکی بۆ چاندنی زەوی لە ناوچە قەدەغەکراوەکان ئەوە بوو، لە ئەگەری بینینی هەر چالاکیەکی پێشمەرگە هەواڵ بە حکومەت بدەن، وە بڕیاری ژمارە (٢٨/ ٤٠٠٨)ی ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کە تایبەت بوو بە مامەڵەی هێزەکانی حکومەت لەگەڵ ناوچە قەدەغەکراوەکان، هەر لە کاردا بوو، تەنها بۆ ئەوانە نەبێت، کە سەر بە حکومەت بوون، بۆ نموونە بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٤٨٩)ی ڕێکەوتی ٥ی تەموزی ١٩٨٩، کە لەلایەن کۆمیتەی هەولێری قەڵاچۆکردنی چالاکیی دوژمنکارانەوە بۆ فەیلەقی پێنج نێردراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە بڕیاری ژمارە (٢٨/ ٤٠٠٨) تەنها بۆ ئەوانە ئاسانکاری تێدا کراوە، کە سەر بە ئەمن و مەفرەزە تایبەتیەکانن[٢] و بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپادا سەردانی ناوچە قەدەغەکراوەکان دەکەن (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٨٢)، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک هەبوە سوودیان لەو ئاسانکاریە وەرگرتوە و لە ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە سەردانی گوندەکانی خۆیان کردوەتەوە و گەنم و جۆیان چاندووە، بۆ نموونە

بەشێک لە خەڵکی سنووری قەزای چۆمان لە ساڵی ١٩٩٠ ڕێگەیانپێدراوە بچنەوە گوندەکانی خۆیان و گەنم و جۆیان چاندووە، بەڵام ڕێگایانپێنەدراوە لەوێ بمێننەوە، ئەوەی بۆ ئەوانیش زۆر سوودی هەبوە ئەوە بوە، کە ئەو کاتەی لە کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین گەڕاونەتەوە گوندەکانیان، توانیویانە سوود لەو گەنم و جۆیە ببینن و لە بارودۆخێکی خراپی ئابووریدا بەکاریبهێنن (چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عبداللە مەلا، ٩/ ١/ ٢٠٢٤ گوندی دەربەند_ڕایات)[٣].

هەموو ئەو گەمارۆ ئابووریانە جگە لە ناچارکردنی خەڵکی بۆ ئەوەی گوندەکانیان چۆڵبکەن، نەوەک لە ڕێگەی ئەوانەوە کەرەستە و خواردەمەنی بگاتە دەستی پێشمەرگە، هەندێکجار ئەم کارانەی بۆ ئەوە کردوون، کە خەڵکەکە لە کاتی بڕیاری ڕاگواستنیان کارەکەیان لەلا ئاسایی بێت وەک ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوونیان لەم گەمارۆیانە (سورمێ، ٢٠٠٦: ٩١-٩٢)، یاخود ژیان لای گوندنشینان بکات بە شتێکی سەخت و باری ژیانی پێشمەرگەش سەختبکرێت (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ٢٥٨)، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بارودۆخەشدا زۆرینەی کەلوپەلەکان بە شێوەی قاچاغ دەگەیشتنە دانیشتووانی گوندنشین (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ٢٥٨).

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە کۆتایی هەشتاکان زۆرینەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان لەناوبچێت، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە نەک هەر ئەم سیاسەتە ببێتە هۆی بە زۆر کۆچپێکردنی دانیشتووان، بەڵکو خەڵکی ئەم گوندانە دوای هاتنەوەشیان بۆ گوندەکانیان تا ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی وەک پێویست زەویەکانیان بەکاربهێننەوە، بە تایبەت بەهۆی بوونی مینێکی زۆر لە زەویەکانیان (دزەیی، ٢٠٠١: ٤٩).

دەزگا ئەمنیەکانی عێراق نکۆڵیشیان لەسەر کۆچپێکردنی دانیشتووان کردوەتەوە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە کە ئاڕاستەی ئەمنی سەرجەم ناوچەکانی سنووری کراوە، تیایدا ڕەتی ئەوە کراوەتەوە، کە لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی سەبارەت بە

عێراق باسكراوه، سەبارەت بەوەی كە عێراق هاوڵاتیانی خۆی ڕووبەڕووی كۆچپێكردن دەكاتەوە (ئەكادیمیای كوردی، (٦٩)، جواب برقیة، العدد (ش٣/ ١١٤٠٤)، ٣١/ ٢/ ١٩٨٧)، هەموو ئەو هەوڵانەی حكومەتی عێراقی بۆ ناچاركردنی دانیشتووان بۆ كۆچێكی زۆرەملێ لە كاتێكدا بوو، كە بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان ناچاركردنی خەڵكی بۆ كۆچی ناچاری بە تاوانێكی نێودەوڵەتی دانراوه، بۆ نموونە لە پەیماننامەی جنێفی ساڵی ١٩٤٩، لە ماددەی ٤٩دا هاتوه، كە ناچاركردنی خەڵكی چ بە تاك و چ بە كۆمەڵ بۆ وڵاتان یاخود بۆ هەر شوێنێك، یان ناچاركردنیان بۆ جێهێشتنی خاكی خۆی بۆ خاكی وڵاتی داگیركار، تاوانە (ذیاب، ٢٠١٤: ٧).

كەواتە دەتوانین بڵێین گەمارۆی ئابووریی سەر گوندنشینان وەك ڕێگایەكی گرنگ و كاریگەر لەلایەن حكومەتی بەعسەوە بۆ كۆچپێكردنی دانیشتووان بەكارهێنراوە و هەوڵی زۆر بۆ سەپاندنی گەمارۆكە و ڕێگەگرتن لە شكاندنی گەمارۆكە دراوه، سەرەڕای ئەوەی كە گەمارۆكە بۆسەر گوندنشینانی ناوچە قەدەغەكراوەكان بووه، بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لە كاری بەقاچاغبردن، گەمارۆكە شارەكانیشی گرتوەتەوە، بۆ ئەوەی كەلوپەلی خواردەمەنی و تەندروستی و كشتوكاڵی لە پێویستیی شارەكان زیاد نەبن.

## تەوەری سێیەم: كاریگەریە ئابووریەكانی كۆچی ناچاری

جێبەجێكردنی سیاسەتی كۆچی ناچاری ڕەهەندێكی گرنگی ئابووری هەبوه، بەو پێیەی بەهۆی سیاسەتەكەوه هەم كۆچكردووان بنەما ئابووریەكانی خۆیان لە گوندەكان لەدەستدا، هەمیش لە ئۆردوگا زۆرەملێكان بوون بە كەسی بێكار، بە پێچەوانەی شوێنی ڕەسەنی خۆیان كە خاوەن كار و پیشەی خۆیان بوون.

یەکێک لە ئامانجەکانی حکومەتی عێراق لە پرۆسە سەربازیەکانی دژی کوردستان، ئامانجی ئابووری بووە، لە ڕێگایەوە دەیویست ژێرخانی ئابووریی کوردستان لەناوبەرێت، لە ئەنجامدا بوە هۆی لەناوبردنی مەڕوماڵات، ڕەز، باغ، کانیاوەکان و سوتماککردنی خاکەکەی (تاڵەبانی، ٢٠١١: ٢٥-٢٦ ؛ خورشید، ٢٠١٦: ٢٠).

ڕاگواستن و کۆچی ناچاری، بۆ هەڵتەکاندن و لەناوبردنی بنەما ئابووریەکانی کوردستان بە تایبەت لە دێهاتەکان ڕێگایەکی گرنگ بوو (باسیرە، ٢٠١٤: ١٣). ڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر نەمانی پیشەی سەرەکیی گوندنشینان کە کشتوکاڵ بوو هەبوو (دزەیی، ٢٠٠١: ٤٨)، حکومەت لە ڕێگەیەوە دەیەویست هێزی کاری کشتوکاڵ کە جوتیاران بوون، لە ئەرکە سەرەکیەکەیان کە کشتوکاڵ بوو، دووربخاتەوە و ناچاری چەند کارێکی تر لە کەرتە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانیان بکات (محمد، ٢٠١٠، ٢٣٤)، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش بریتیبوو لە بێبەشکردنی خەڵکێکی زۆر لە کارکردن، بە تایبەت کە لەسەر زەویەکانیان هەڵکەندران و بێکار مانەوە (دیمانەی ساڵنامەی عەرعەر لەگەڵ محمد ڕووف، ١٤ی نیسانی ٢٠٠٧: ٦)، ڕەنگدانەوەی ئەم کارەش لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا بە ڕوونی بەدیارکەوت، کاتێک لاوانی کورد کاریان دەستنەدەکەوت، یاخود ئەو کارانەی دەستیاندەکەوت لەگەڵ شارەزایی و لێهاتوویی خۆیان نەدەگونجا، ئەمەش دەبوە هۆی ئەوەی کاری وا بکەن، کە هەندێکجار لەگەڵ خواست و کولتووری خۆیان نەدەگونجا (عارف، ٢٠١٢: ٩٨)، ئەم جۆرە لە بێکاری سەرەڕای ئەوەی دەبوە هۆی دەستبردن بۆ کاری دوور لە دابونەریت و لایەنی کۆمەڵایەتیی پێشوویان، هۆکارێکی گرنگی دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیش بوە (مستەفا، ٢٠١٣: ١٧١).

سیاسەتی کۆچی ناچاری و ڕاگواستن کە لەگەڵیشیدا گوندە کوردیەکان خاپووردەکران، کاریگەریەکی زۆری ئابووری بەسەر کوردستانەوە جێهێشتوە، چونکە پرۆسەکە زیاتر ناوچە کشتوکاڵیەکانی گرتەوە، کە گوندەکان بوون، گوندەکانیش بڕبڕەی پشتی ئابووریی بەشێکی

زۆری گەلی کورد بوون (مینە، ١٩٩٩: ٢١٠؛ ئیحسان، ٢٠١٧: ١٣٥)، بۆ نموونە چاندنی تووتن، کە پیشەی بەشێکی زۆری جوتیارانی کورد بووە، سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە ڕاگواستن و کۆچی ناچاری و وێرانکردنی گوندەکان، ئەم پیشەیەی یەکجار کەمکردووەتەوە، بەپێی ئامارێک لە ساڵی ١٩٨٠ ڕێژەی بەرهەمی تووتن لە گوندە کوردیەکان بریتیبوە لە ٩٠٠٠ نۆ هەزار تۆن، کەچی ئەم ڕێژەیە لە بەرهەمی تووتن لە ساڵی ١٩٨٨ بوەتە ١٨٠٠ هەزار و هەشت سەد تۆن (مستەفا، ٢٠١٣: ١٧٢).

کۆمەڵەی هاوکاریی گەلانی چەوساوە لە ئەڵمانیا لە ڕاپۆرتی ژمارە (٤)ی شوباتی ١٩٩١، ئاماژە بە نووسینێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی بەرلینی (تاگیس تسیتۆنگ)، (یوگین گانشیلیخ) لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٨٨ دەکات، کە نووسیویەتی **"کاتێ لەناو کۆپتەرێکی سوپای عێراقدا بەسەر ناوچە کوردیەکانەوە بووین، گوندی دێرینی کوردەکانمان دەبینی وەکو پارچە خاکێکی ڕەش داگەڕاو دیاربوون، بە درێژایی سنووری ئێران و تورکیا لە ناوچە کوردیەکاندا، هەرێمێکی ڕەش لە خوارەوە دیاربوو، گوندی وێرانکراو، ماڵی بە سەریەکدا ڕووخاو، پارچە بۆمبا و خاکی سووتاوی نێوان چیای ڕووتاوە، تاکە مرۆڤێک نەدەبینرا"** (گوڵ، ٢٠١٠: ٥٢).

لە بەڵگەنامەیەکدا بە ناونیشانی (بارودۆخی ئۆردوگاکانی کوردە ڕاگوێزراوەکان)، کە لە ئەیلوولی ١٩٨٨ لەلایەن باڵوێزخانەی ئەمریکا بە ژمارە (٨٠٨٣) ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە لە کاتی سەردانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان تێبینی ئەوەیان کردووە، کە پیشەی سەرەکیی کوردەکان کە کشتوکاڵە، لەم ئۆردوگایانە بەرچاوناکەوێت و بوونی نییە (رەحمانی، ٢٠١٣: ٧٧).

یەکێک لە مەبەستەکانی کۆچی ناچاری بریتیبوو لە دوورخستنەوەی تاکی کورد لە پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکەی بە مەبەستی بێکار مانەوەی لە ئۆردوگاکاندا (ئەمین، ١٩٩٢: ٢٦٠-٢٦١)، لە بەڵگەنامەیەکدا بە ناونیشانی (بارودۆخی کوردستانی عێراق لەوپەڕی خراپی دایە)، کە

لەلایەن باڵویزخانەی ئەمریکا بە تیلیگرامی (٤٥٩٥) ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کراوە، لە خاڵی ١٤ ئاماژە بەوە دراوە، کە ئامانجی حکومەت لە کردەی ڕاگواستن و کۆچی ناچاریدا دوورخستنەوەی خەڵکە لە پیشە سەرەکیەکەی خۆیان، کە کشتوکاڵە و بێکار کردنیان (رەحمانی، ٢٠١٣: ٦٠-٦١؛ CHAK, 2007: 47-50)، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە دانیشتووانی گوندە کوردیەکان لە ساڵانی حەفتاکان زیاتر بەکاری کشتوکاڵیەوە سەرقاڵبوونە و لە پاڵیشیدا ئاژەڵدارییان کردوە (محەمەد، ٢٠٠٤: ٧٠)، کشتوکاڵیش بۆ بەهێزیی دەوڵەت و هەر دەسەڵاتێک بنەمایەکی گرنگە، چونکە هۆکارێکە بۆ یەکێتی و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خاک (دزەیی، ٢٠٠١: ١٦٩).

حکومەتی عێراقی سەرەڕای سیاسەتی چۆڵکردنی گوندەکان، هەوڵیداوە لایەنی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵی کوردستانیش لە ڕووی کارگێڕیەوە لەناوبەرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٤٥٧)ی ڕێکەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ تەواوی بەڕێوەبەرایەتیە کشتوکاڵیەکانی لە پارێزگاکانی کوردستان هەڵوەشاندەوە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارە کشتوکاڵیەکان (الوقائع العراقية، العدد، ٣١٥٨ فی ١٣/ تموز/ ١٩٨٧)، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراقی بە ژمارە (س/ ش/ ٦٤٤) لە ڕێکەوتی ١٤ی حوزیرانی ١٩٨٨ کە بە سەرجەم ڕێکخراوە حزبیەکان دراوە، لە خاڵی سێیەمی ئاماژە بەوە دراوە، کە نابێت ڕێگا بە هیچ کەسێک بدرێت لە ساڵەکانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ کشتوکاڵ لە گوند و ئاواییە کوردیەکان بکات، کە ئاساییشیان تێدا بەرقرار نییە (ڕێبازی نوێ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ ژ:١٠، ل٢).

ئامانجی حکومەت لەم کارانەی، بە تایبەت ڕاگواستن و کۆچی ناچاریی چینی کرێکاری دێهاتەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕێگریکردن بوو لێیان لە کاری بەرهەمهێنان، وە پشتبەستنیان بە هاوکاریەکانی حکومەت، لە کاتێکدا ئەوان لە گوندەکانی خۆیان ببوون بە بەرهەمهێنەر بۆ

خۆیان و تەنانەت شارەکانیش (جەزائیری، ٢٠٠٨: ٦٢؛ کۆیڤونەن، ٢٠١٩: ٢٢٥، ٢٢٦)، یەکێکی تر لە ئامانجەکانی حکومەت لە چۆڵکردنی گوندەکان و نیشتەجێکردنی دانیشتووانەکەی لە ئۆردوگا زۆرەملێکان یاخود ئاوارەکردنیان ئەوەبوو، کە ئامانجی سەرەکیی ڕاگوێزراوان دابینکردنی بژێویی ژیانی خانەوادەکانیان بێت و نەپرژێنە سەر خواستی دژایەتیی حکومەت (دزەیی، ٢٠٠١: ٣٣)، تا ڕاددەیەکیش ئەم خواستەی بۆ جێبەجێبوە، چونکە کار و کارکردن بۆ کۆچکردوان کەم بوە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە بیر و خەیاڵیان زیاتر بۆ ژیان و مانەوەیان بێت. ئەمە لە کاتێکدا بوە، کەوا زۆرینەی ڕاگوێزراوان و کۆچپێکردووان، دەستبەسەر تەواوی ماڵ و موڵک و بەرهەمەکانیاندا گیراوە، بۆ نموونە بەپێی بڕیاری لقی باکووری ڕێکخستنی حزبی بەعس ژمارە (٩٩١٤)ی ڕێکەوتی ٢٣ی تیرمەها ١٩٨٨، بڕیاردراوە سەرجەم ئەو گوندانەی کە دانیشتووانەکانیان ڕادەگوازرێن، دەستبەسەر ماڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیاندا بگیرێت و هەمووی کۆبکرێتەوە (مستەفا، ٢٠١٣: ١٧٦).

ئەگەر هەندێکجاریش کاری کشتوکاڵیان کردبێت بە تایبەت وەک کرێکار لە زەویی کەسانی تر، هێشتاش مەترسیی زۆریان لەسەر بوە و دەبوایە زۆر وریایانە مامەڵەبکەن، تەنانەت ئەگەر دانیشتووانی ئۆردوگاکان لەو زەویانەی کاری کشتوکاڵیان تێدا دەکرد، خواردنیان جێهێشتبایە ئەوا دەستگیردەکران، چونکە حکومەت لەبەر ئەگەری سوود لێبینینی پێشمەرگە ئەم کارەی قەدەغەکردبوو و سزاکەی دەستگیرکردن بوە (ڕێبازی نوێ، تشرینی دووەمی ١٩٨٩، ژ:٨، ل١٧)، ئەمەش وایکردبوو بارودۆخێکی ئەمنیی خراپ ڕووبەڕووی دانیشتووانی ئۆردوگاکان ببێتەوە، کە هەندێکجار دەبوە هۆی ئەوەی دانیشتووانی ئۆردوگا زۆرەملێکان، جارێکی تر لەم شوێنەش ڕابکەن و لە شوێنی تر نیشتەجێببن (ئیحسان، ٢٠١٧: ١٠٤)، لە ئەگەری ئاشکرابوونیشیان سزایەکی قورس دەدران.

دابینکردنی پێداویستیە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ژیان زۆر ئەستەم دەبن و ماندوبوونی زیاتری دەوێت، کاتێک ژینگە و شوێنی ژیانکردن دەگۆڕێت، بە تایبەت کە بارودۆخی ژیانیش لە هەموو ڕوویەکەوە لە بەرژەوەندی نەبێت، ئەمە بە تایبەتی بۆ ڕاگوێزراوان و کۆچکردوانی کورد ڕاست بوە، چونکە ئەوان لە دێهاتەکانیان پیشەی سەرەکیان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو، ئەستەم بوو بتوانن بە زوویی لە کارێکی تردا شارەزایی پەیدابکەن، بە تایبەت بەتەمەنەکان، ئەمەش دەبوە هۆی ئەوەی کەوا هەژاری و نەداری لە نێوانیاندا بڵاوببێتەوە (ئیحسان، ٢٠١٧: ١٣٣).

ئۆردوگا زۆرەملێکان لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە زۆر دواکەوتووبوون، بە پێچەوانەی ئەوەی حکومەتی عێراقی بانگەشەی بۆ دەکرد، کە ناوی نابوون گوندی هاوچەرخ، بۆ نموونە لە زۆرێک لە ئۆردوگاکان ئاوی خواردنەوە کەمبوە، ڕێژەیەکی کەم و دیاریکراو بە تانکەری حکومی دەدرا ماڵەکان، بۆیە خەڵک بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە ناچاربوونە ئاو بکڕن، تەنانەت لە هەندێک کاتدا هەوڵدراوە لە بەرانبەر دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، تانکەری حکومیش پارە لە خەڵک وەربگرێت (ڕێبازی نوێ، ژ: ٦، ١٥ی تەمموزی ١٩٨٩، ل١٢؛ ڕێبازی نوێ، کانوونی دووەمی ١٩٩٠، ژ: ١، ل٤).

سەرەڕای ئەو بارگرانیە هەندێکجار خەڵک ناچاردەکران، کە پێویستە بلیتی یانسیب بکڕن، بە نرخی ١ دینار، بۆ ئەم مەبەستەش خاوەن تانکەرەکان چەند بەرمیل ئاویان پێدەدرا، ئەوەندەش بلیت یانسیبیان پێدەدرا بۆ ئەوەی دانیشتووان ناچاری کڕینی ئەم بلیتە ببن (ڕێبازی نوێ، کانوونی دووەمی ١٩٩٠، ژ:١، ل٤). لە هەندێک کاتدا شوفێری ئەم تانکەرانە هەوڵیاندەدا دەستدرێژی بکەنە سەر ئافرەتانیش، کاتێکیش خەڵکی ئۆردوگاکان شوفێرەکەیان دەرکردوە و شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویداوە، حکومەت لە بەرانبەر ئەمەدا چەندین کەسی ئۆردوگاکانی دەستگیرکردوە (ڕێبازی نوێ، ژ: ٨، تشرینی دووەمی ١٩٨٩، ل١٧)، هەرچەندە بارودۆخی هەندێک لە ئۆردوگاکان بەو شێوەیە خراپ نەبوە و تا ڕادەیەک خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبایان بۆ

دابینکراوە، کرێی بلیتی یانسیب نەبوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان ابوبکر عبدالله، ٨ی ئاداری ٢٠٢٤، گوندی ڕایات)[٤].

بێکاری سیمایەکی دیاری نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان بوە (رێبازی نوێ، کانوونی دووەمی ١٩٩٠، ژ:١، ل٤). دەستکەوتنی خۆراک بە کۆبۆن بوە، لە بەرانبەر پێدانی زەوی بۆ کشتوکاڵکردن دەبوایە پارە بدەن (ریبازی نوێ، ١٥ی تەمموزی ١٩٨٩، ژ: ٦، ل١٢؛ ڕێبازی نوێ، کانوونی دووەمی ١٩٩٠، ژ: ١، ل٤).

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ئیندیپیندیت) لە ١٩ی ئابی ١٩٨٩ دا باس لەوە کراوە، کە بەرپرسانی حکومەتی عێراقی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بودجەیەکی زۆر بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان تەرخانکراوە، بۆیە کوردە ڕاگوێزراوەکان و کۆچکردووان حەز بەم ژیانە دەکەن و نایانەوێ بۆ گوندەکانیان بگەڕێنەوە، هەر لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە خواستی کوردەکان پێچەوانەیە و حەزی زۆریان بۆ گەڕانەوەیانە بۆ ناوچەکانی خۆیان (وەرگیراوە لە: ڕێبازی نوێ، ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ ژ: ١٠، ل٢٣،٢٧)

لەو بارەیەوە کریس کۆچیرا لە دوای ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرێک لە ناوچە کوردیەکان، وتووێژی لەگەڵ هاشم عەقراوی (١٩٢٦-١٩٩٠) کە سەرکردەیەکی کوردی حزبی بەعس بوە، ئەنجامداوە، ئاماژە بە وتەکانی ناوبراو دەکات، کە وتویەتی **"ئەوان پێشتر لە گوند و دێهاتی دوورەدەست لە مەدرەسە و جادە بێبەشبوون هەلومەرجی ژیانیان زۆر دواکەوتوانە بوو، بەڵام ئێمە ئاوایی بە پانایی ٥٠ ماڵمان بۆ دروستکردوون بە مەدرەسەوە، ئەوان ماڵە تازەکانیان خۆشدەوێت، چونکە ئاوی خاوێن، کارەبا، تەلەفزۆن و شووڕایان هەیە"** (کۆچیرا، ٢٠١٣: ٥٣).

بەشێک لە دانیشتووانی ئۆردوگا زۆرەملێکان، بە تایبەت ئەو ئافرەت و منداڵانەی بارزانی کە پیاوەکانیان گیرابوون، بەشێکیان بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانیان بە نهێنیەوە ڕوویانکردوەتە شارەکان و لەوێش هەر بە نهێنی کاریان کردوە، بۆ نموونە بەشێک لەوانە لە

ئۆردوگاکانی قوشتەپە ڕوویانکردوەتە شاری هەولێر (عەبدوللا، ٢٠٠٩: ٨٢)، بەڵام لە شاری هەولێریش هێزەکانی حکومەت بەردەوام بە دوایانەوە بوە و دەستگیریانکردوون، دوای ماوەیەک زیندانی بردوویانن بۆ شوێنی دوور و لەوێ جێیانهێشتوون، بۆ نموونە بەشێک لەو ئافرەتە بارزانیانەی نیشتەجێی ئۆردوگای قوشتەپە، کە بە مەبەستی کارکردن بە دزیەوە ڕوویانکردبوە هەولێر و کاریاندەکرد، دەستگیردەکرێن و دوای ماوەیەک دەیانبەنە شوێنێک و جێیاندەهێڵن، دوای ئەوەی ئافرەتەکان دەچنە ئاواییەک پرسیاری شوێنەکە دەکەن بۆیان دەردەکەوێت شوێنەکە دەربەندیخانە (بارزانی، ٢٠١٨: ٤٤)، گرتنی ئەو ژمارە زۆرەی نێرینەی  بارزانیەکان بوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئافرەت و منداڵ لە ئۆردوگاکاندا بە تەنها بمێننەوە (بارزانی، ٢٠١٠: ١٤)، ئەمەش هەم لە ڕووی ئابووریەوە هەم لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە کاریگەریی زۆری لەسەریان هەبوو.

سیاسەتی ڕاگواستن و کۆچی ناچاری بوە هۆی ئەوەی کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان لە خەڵک چۆڵببێت، بەشێک لەم ناوچانە بوونە ناوچەی سەربازی و مەیدانی شەڕ، بۆیەش حکومەت ڕێژەیەکی زۆری مینی لەم ناوچانە دانا، کە نزیکەی ٢٥ ملیۆن مین دەبێت، کە ئەمەش وەک تاوانکاریەک ئەنجامدراوە (الفضل، ٢٠١١: ٥٠؛ هەژار عەزیز سورمێ، ٢٠٠٦: ٩٢)، ڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووری دەبوو، چونکە جارێکی تر نەدەتوانرا ئەم زەویانە بە مەبەستی کشتوکاڵی بەکاربهێندرێن.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو ناوچانەی ڕێژەیەکی زۆری لە پێداویستی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی عێراق دابیندەکرد، ببن بە ناوچەی ئەمنی و قەدەغەکراو، کە تەنها هێزە ئەمنیەکان بۆیان هەبوو سەردانی ئەم ناوچانە بکەن (تاڵەبانی، ٢٠١١: ٢٧)، بەمەش دانیشتووانی شارەکان و عێراق بە گشتی لە بەرهەمی ناوچەیەکی زۆری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بێبەشدەبوون، کە دواجار هەر ئەوکەسانەی کە بەرهەمهێن بوون و دانیشتووانی شارەکان پشتیان بە بەرهەمی

ئەوان دەبەست خۆشیان بوون بە بار بەسەر ئابووریی شارەکانەوە (ئەمین، ١٩٩٢: ٢٦١) لەلایەکی ترەوە پرۆسەکانی ڕاگواستن و کۆچی ناچاری و وێرانکردنی گوندەکان، سەرەڕای زیان و کاریگەریە زۆرەکانی بۆ سەر دانیشتووانی گوند و شارە کوردیەکان، زیانی زۆری بۆ سەر تەواوی شارەکانی عێراق هەبوو، چونکە زۆرێک لە شارەکان و کارگەکان پشتیان بە کەرەستەی خاوی گوندە کوردیەکان دەبەست، بەڵام بەهۆی ڕاگواستن و کۆچی ناچاری و وێرانکردنی گوندەکان ئەم بەرهەمە خاوە ڕێژەکەی بوە سفر، بۆیەش بەشێک لە کارگەکان بەرهەمیان زۆر کەمیکرد یاخود نرخەکەیان زیادیکرد، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تەواوی هاوڵاتیانی عێراق هەبوو (مستەفا، ٢٠١٣: ١٧١).

سەرەڕای گشت ئەو ڕێگایانەی حکومەت بە مەبەستی کۆچی ناچاری گوندنشینان دەیگرتنەبەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار فەرماندەدرا کە ئەوانەی لە گوندەکانەوە دێنە شارەکان و کۆمەڵگاکان پێویستە دەستگیربکرێن، ئەوەش لە بەڵگەنامەیەکدا کە لەلایەن لیژنەی نەهێشتنی چالاکیی دوژمنکارانە لە شەقڵاوە، پاڵپشت بە نامەی پارێزگای هەولێر و بروسکەی سەرکردایەتیی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، ئاراستەی قائیمقامیەتی شەقڵاوە، لقی حزبی بەعس لە شەقڵاوە، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی شەقڵاوە و بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە کراوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە خاڵی یەکەمدا ئاماژە بەوە دەدات، کە هەر خانەوادەیەک لە گوندە قەدەغەکراوەکان بێتە ئۆردوگاکان و شارەکان پێویستە دەستگیربکرێت (ئەکادیمیای کوردی، (٣)، برقیة سرية فورية، العدد (ل. م/ ١٠٢)، ١٧/ ٤/ ١٩٨٧)، ئەگەرچی لەم بەڵگەنامەیە ئاماژەپێنەدراوە و جیاکاری نەکراوە، بەڵام پێمانوایە مەبەست لێی ئەو کەس و خانەوادانەن کە بە نهێنیەوە دێنە شار و کۆمەڵگاکان و خۆیان بە دەست هێزەکانی حکومەتەوە نادەن، چونکە ئەوانەی خۆیان بەدەستەوەدەدا دەستگیرنەدەکران.

ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی تردا بەدیاردەکەوێت، کە نووسراوێکە لە ئەمنی ڕواندزەوە بە ژمارە (٥٢/ ٤٦١)ی ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٨٨ بۆ سەرجەم بنکەکانی نێردراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بەوە دەدات پێویستە ئەوانە دەستگیربکرێن، کە لە گوندە قەدەغەکراوەکان دێنە شارەکان، لە خاڵی دووەمی بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دراوە، کە موختاری هەر گوند و گەڕەکێک ئەگەر دەزگا ئەمنیەکان ئاگادارنەکاتەوە لە بوونی ئەو کەسانە لە ناوچەکەی، ئەوا دەستگیردەکرێت و ماڵەکەی دەڕوخێندرێت، لە ئەگەری نەزانینیشی ئەوا بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ دەستبەسەردەکرێت، لە خاڵی سێیەمی بەڵگەنامەکەدا هاتوە، کە ئەگەر موختارێک ٣ ماڵ یان زیاتر لە گەڕەکەکەی دۆزرانەوە، کە لە گوندە قەدەغەکراوەکانەوە هاتبنە شارەکان ئەوا موختاری گەڕەک لە سێدارەدەدرێت، بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە: (CHAK, 2007: 58) بەپێی ئەم بەڵگەنامانە دەگەین بەو ڕاستییەی، حکومەت لە سیاسەتی کۆچی ناچاری تەنها مەبەستی چۆڵکردنی ناوچە قەدەغەکراوەکان نەبوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەشی هەبوە کۆچکردووان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدابن و لەو شوێنانە نیشتەجێبن، کە حکومەت بۆیان دیاریدەکات، وەک ئۆردوگا زۆرەملێکان، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی دەستگیرکردن دەبوونەوە، بۆیەش زۆرینەی کۆچکردوان وەک ڕاگوێزراوان لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێدەکران.

لەلایەکی ترەوە کۆچی ناچاری هۆکارێکی گرنگە بۆ لەنێوچوونی گرووپێکی دیاریکراو، بە تایبەت ئەگەر گرووپە نەتەوەیی یان ئاینیەکە یان هەر جۆرە گرووپێک، بچووک بێت (ذیاب، ٢٠١٤: ٧)، لەناو کورددا کۆچی ناچاری نەبوە هۆی لەناوچوونی نەتەوەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەهامەتی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، لەوانەش نەهامەتی ئابووری کە کاریگەریی زۆری بەسەر کۆچکردووانەوە هەبوو.

بە خوێندنەوە بۆ جۆری کاریگەریەکان لەوە دەگەین، کە سیاسەتی کۆچی ناچاری بۆ خستنەوەی زۆرترین کاریگەریی ئابووری بەسەر کۆچکردووانەوە ڕێگایەکی گرنگ بوە، چ لە

گوندەکانیان و لەنێوچوونی بنەما ئابوورییەکانیان، چ لە شار و ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناڵاندنیان بە دەست بێکاری و خراپیی باری ئابووریان.

**ئەنجامەکان**

**١-** سیاسەتی کۆچی ناچاری دژی گوندە قەدەغەکراوەکان، بۆ حکومەتی عێراقی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چونکە بوە هۆکارێکی باش بۆ چۆڵکردنی بەشێک لە گوند و ئاواییە کوردیەکان، شۆڕشی کوردیش پایەیەکی گرنگی مانەوەی لەدەستدا، چونکە گوندەکان شوێنی مانەوە و دابینکردنی بەشێکی گرنگی پێداویستیە ئابوورییەکانی پێشمەرگە بوون.

**٢-** حکومەتی عێراق لە سیاسەتی کۆچی ناچاری لە هەر قەرەبووکردنەوەیەکی مادی گوندنشینان خۆیدەبوارد، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانەی سیاسەتی ڕاگواستن دەیگرتنەوە، قەرەبوودەکرانەوە، بەڵام ئەوانەی لەبەر هەر بارودۆخێکی سەپێندراو بە سەریاندا کۆچی ناچارییان هەڵدەبژارد، قەرەبوونەدەکرانەوە.

٣- چۆڵکردنی گوندەکان لە ڕێگەی کۆچی ناچاری، بوەتە هۆی پاشەکشەیەکی باشی ئابووریی گوندە کوردیەکان.

٤- پیشەی جوتیاری و ئاژەڵداریی جوتیارانی کورد لە گوندەکانیان بەهۆی کۆچ و ئاوارەبوونیان بۆ پیشەی کرێکاری و چەند پیشەیەکی تر گۆڕدرا، کە تیایدا شارەزا نەبوون.

٥- سەختیی بارودۆخی ژیانی کۆچکردووان لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوچەکانی دوور لە گوندەکانیان، بوەتە هۆی لەدەستدانی هەندێ بنەمای کۆمەڵایەتی، کە تایبەت بە گوندنشینان بوون.

**پەراوێزەکان**

١-بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ گرنگیی ئابووریی کوردستان بڕوانە: کامەران احمد محمدامین، کوردستان لەنێو ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، ١٨٩٠-١٩٣٢، توێژینەوەیەک لە مێژووی

سیاسی و ئابوری، نامەی ماستەر پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ١٩٩٩، ل ١١٩-١٣٧.

٢- بەشێک لە مستەشارەکان و ئەوانەی سەر بە حکومەت بوون، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ تاکو ڕاپەڕین زەویەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکانیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا و کشتوکاڵیان تێدا دەکرد، بە مەرجی پابەندبوونیان بە بڕیارەکانی ئەمن بە تایبەت هەواڵدان و دروستنەکردنی خانوو و کارنەکردن لە شەواندا.

٣- قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، لە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایکبوە، لە ساڵی ١٩٨١ بە بانگدەر لە مزگەوتی گوندی دەربەند دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی کۆچی ناچاریەوە گوندەکەی خۆی جێهێشتوە و لە ئۆردوگای زۆرەملێی هەریر نیشتەجێبوە، لە ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە گوندی دەربەند و ئێستا لە گوندی دەربەند نیشتەجێیە. چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٩/ ١/ ٢٠٢٤، گوندی دەربەند.

٤- بارزان ابوبکر عبدالله، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی ڕایات لەدایکبوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی کۆچی ناچاریەوە لە ئۆردوگای زۆرەملێی هەریر نیشتەجێبوە، لە ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە قەزای چۆمان و ئێستا لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە، چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان ابوبکر عبدالله، ٨ی ئاداری ٢٠٢٤، گوندی ڕایات.

## لیستی سەرچاوە

### بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە


- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٣)، من حزب البعث العربی الاشتراکی- قیادة مکتب تنظیم الشمال الی قیادة فل١، فل٢، فل٥، قیادات فروع المکتب، قیادة فرع صلاح الدین، قیادة فرع دیالی، مدیریة امن منطقة الحکم الذاتی، مدیریة امن محافظة اربیل، مدیریة مخابرات ومدیریة استخبارات، العدد (٢٨/ ٣٦٥٠)، ٣/ ٦/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٥٤)، برقیة سریة، من امن شقلاوة الی مدیریة امن اربیل، العدد (٣٢٠)، ١٥/ ١/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٨٢)، الحصار الاقتصادی، من الشعبة الاقتصادیة فی اربیل الی کافة التشکیلات، العدد (٤٨)، ١٤/ ١١/ ١٩٨٨.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٥٤)، تهریب المواد الغذائیة، من مدیریة امن محافظة اربیل الی مدیریة امن قضاء صدیق- مدیریة امن قضاء شقلاوة- مدیریة امن قضاء کویسنجق، العدد (٤٣٥)، ٢١/ ١/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٦٩)، جواب برقیة، من امن المصیف الی امن شقلاوة/ ٢٣، العدد (٩٥)، ١٠/ ١/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٧٣)، سریة فوریة، من مدیریة امن شقلاوة الی معاونیة امن شقلاوة، العدد (١٠٥٢٤)، ٢/ ١٢/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٣)، برقیة سریة فوریة، من لجنة مکافحة النشاط المعادی فی شقلاوة الی قائمقامیة قضاء شقلاوة- قیادة

فرقة الحزب القائد- مديرية شرطة شقلاوة- مديرية امن شقلاوة، العدد (ل. م/ ١٠٢)، ١٧/ ٤/ ١٩٨٨.

- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٦٩)، معلومات، من مديرية امن شقلاوة الى كافة امن المناطق، العدد (ش٣/ ١١٤٠٤)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٧.
- ـ زانکۆی دهۆک- سەنتەری بێشکچی، ژمارەی مەلەف (٦٧)، التعامل مع القرى المحذورة أمنيا، من قيادة مكتب تنظيم الشمال الى قيادة الفيلق الأول/ قيادة الفيلق الثانى/ قيادة الفيلق الخامس، العدد (٢٨/ ٤٠٠٨)، ٢٠/ ٦/ ١٩٨٧.

### کتێبە بەڵگەنامەییەکان

- ڕەحمانی، وریا (٢٠١٣)، هەڵەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- وۆچ، میدڵ ئیست (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا... پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- عەلی، شەریف (٢٠٢١)، جولانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٨٢) لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێڕانی پاسار شێرکۆ، چ٢، بڵاوکردنەوەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆک، دهۆک.

### یاداشتەکان

- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٢)، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی Postfach 21023110502 Berlin Germany.

- سەنگاوی، مەحمود (٢٠٠٥)، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ٢، سلێمانی.
- کاکە، سەید (٢٠٢٠)، بیرەوەیی پێشمەرگەیەک، چ٤، ب. ش. چ.


**تێزە ئەکادیمییەکان**

**بە کوردی:**


- محمدامین، کامەران احمد (١٩٩٩)، کوردستان لەنێو ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، ١٨٩٠-١٩٣٢، توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسی و ئابوری، نامەی ماستەر پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە.


**بە عەرەبی:**


- قفیشە، فراتا عبد اللطیف عبد الحفیظ (٢٠٢٢)، موقف القانون الدولی الانسانی من جریمة التهجیر القسری (القضیة الفلسطینیة انموذجا)، رسالة ماجستیر، كلیة القانون، جامعة العلوم الاسلامیة العالمیة، عمان.


**کتێبەکان**

**بە زمانی کوردی:**


- ئیحسان، محەمەد (٢٠١٧)، جینۆسایدی کورد لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، چ١، هەولێر.
- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠١٨)، جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپخانەی سەنگەر.
- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠١٩)، جینۆسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا- بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چ٢، ب. ش. چ.
- بارزانی، مەسعود (٢٠٢١)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم ١٩٧٥-١٩٩٠، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.

- باسیره، سالار (٢٠١٤)، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە نێودەوڵەتی کردنی- کورد وەک نموونە، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- تاڵەبانی، نوری (٢٠١١)، کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد، وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- جەزائیری، زوهێر (٢٠٠٨)، بەر لە ئەنفال... دوای لە یاد چوون، وەرگێڕانی: جومعە جەباری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر.
- خورشید، محمد (٢٠١٦)، ئەنفال ناسنامەی نەتەوەیەک، چاپخانەی چوارچرا، چ١، کەلار.
- دزەیی، یوسف (٢٠٠١)، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێردا، ب. ش. چ، هەولێر.
- ساڵح، عومەر هەمزە (٢٠٠٩)، ڕاگواستن، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی و ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە (پشدەر وەک نموونە)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆک.
- سورمێ، هەژار عەزیز (٢٠٠٦)، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی- چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتۆژینەوەیەکدا، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠٠٩)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری بارزان، چاپخانەی منارە، هەولێر

- عارف، ستارە (٢٠١٢)، ئەنفال، تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- کۆچیرا، کریس (٢٠١٣)، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەبەخۆیی، وەرگێڕانی: حەسەن ڕەستگار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کۆیڤونەن، کریستینا (٢٠١٩)، کورد نەتەوەیەکی کۆمەڵکوژکراو، وەرگێڕانی: لەنجە ئەحمەد و زاگرۆس ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- گوڵ، مارف عومەر (٢٠٠٢)، پۆلێن کردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب. ش. چ، سلێمانی.
- گوڵ، مارف عومەر (٢٠١٠)، جینۆسایدی گەلی کورد- لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، دەزگای ئاراس، چ٥، هەولێر.
- محمد، مراد حکیم (٢٠٠٤)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عیراق لە سەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.
- محمد، خلیل اسماعیل (٢٠١٠)، کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟، وەرگێڕانی: عبداللە ڕشید حسین، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.
- مزویری، ڕێکاریَ (٢٠١٣)، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد- کوردانی باشوور وەک نموونە، لیژنا چاپکرنا ٢٥ پەرتوکان ل (٢٥) ەمین ساڵیادا جینۆسایدا گەلێ کورد، چاپخانا کارۆ، هەولێر.

- مزویری، ڕێکارێ (٢٠١٠)، ژنێن ڕۆسی و ڕاگواستن و ئەنفال و کۆمکوژی، ڕێکخراوا ڤەژین بۆ قوربانیێت جینۆسایدا بارزانییان، چ١، ب. ش. چ.
- مستەفا، زوزان ناسر (٢٠١٣)، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ درئەنجام و کاردانەڤە ٢٣ی شوبات- ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٠٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مینە، ئەمین قادر (١٩٩٩)، ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی.
-

**به زمانی عەرەبی**

- سلوغلت و سلوغلت، ماريون فاروق و بيتر (٢٠٠٣)، من الثورة الى الديكتاتورية العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة: مالك النبراسي، المنشورات الجمل، بغداد.

**به زمانی ئینگلیزی**

- CHAC, (2007), “Anfal” The Iraqi States Geneside the Kurds, The Center of Halabja against Anfalization and genside of the **Kurds** (**CHAC**).

**بابەتی وەرگیراو له کتاب:**

- الفضل، منذر، ابادة الجنس البشرى فى كردستان (ضرورة محاسبة الفاعلين وتعويض المتضررين)، وەرگیراوە لە کتێبی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان (٢٠١١)، جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بە گەلی کوردستان، بڵاوکراوەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.


**گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

**بە کوردی:**

- محەمەد، عەلی مەحموود (٢٠٢٣)، ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن، گۆڤاری دیوان، ژ: ٢٣، هەولێر.
- ساڵنامەی ئەنفالستان، ژمارە (١٤)، کۆتایی ٢٠١٨.
- ساڵنامەی عەرعەر، ١٤ی نیسانی ٢٠٠٧.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (١١)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٩.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (١)، کانوونی دووەمی ١٩٩٠.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (٦)، تەمموزی ١٩٨٩.
- ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٠)، تشرینی دووەمی ١٩٨٩.

**بە عەرەبی:**

- ذیاب، آدم سمیان ( ٢٠١٤)، جرائم التهجير القسرى للسكان، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية، العدد (٢٣) فی سنة٦.
- الوقائع العراقية، العدد، ٣١٥٨ فی ١٣/ تموز/ ١٩٨٧) .

**چاوپێکەوتن:**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عبدالله ملا، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، گوندی دەربەند.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان ابوبکر عبدالله، ٨ی ئاداری ٢٠٢٤، گوندی ڕایات.

# سياسة العقوبات الاقتصادية كوسيلة للهجرة القسرية للقرويين و التأثيرات في كردستان العراق (١٩٨٥-١٩٩٠)


## الملخص

يؤدي الاقتصاد دوراً مهماً في توجيه الفرد، لذلك يحاول الأفراد الحصول على الرفاهية من خلال الاقتصاد المتين، وللحصول على هذه الرفاهية، كثيراً ما يرى الأفراد في خيار نقل مكان الإقامة خياراً مؤثراً، وخاصةً إذا كان سوء الوضع الاقتصادي مرتبطاً بسلطةٍ سياسية، ومن هذا المنطلق فأن هذا البحث محاولةٌ لتسليط الضوء على الحصار الاقتصادي على سكان قرى جنوب كوردستان من قبل حكومة البعث وتأثيراته ودوره في إجبار سكان المناطق المحاصرة على الهجرة القسرية في الفترة ما بين (١٩٨٥-١٩٩٠) بما أنه كان هناك صراعٌ قائم في هذه الفترة التاريخية بين الحكومة العراقية والأحزاب السياسية الكوردية في جنوب كوردستان، والحكومة العراقية كانت ترى في سكان تلك القرى سبباً رئيساً لبقاء الثورة الكوردية، ولذلك وضعت القرى المحرّمة تحت حصار اقتصادي شديد بهدف إجبار سكانها على إخلائها، والسؤال الرئيس في هذا البحث يتمثل في: ما هو هدف الحكومة من الحصار الاقتصادي على سكان القرى؟، وهل كان لهذا الحصار دورٌ في هجرة السكان وإخلاء القرى؟ أو ما هوالتأثيرالاقتصادي الذي أحدثته الهجرة على السكان المهاجرين؟، من هذا المنطلق يكون هذا البحث محاولة للإجابة على هذه الأسئلة، من خلال الاعتماد على المنهج التاريخي التحليلي لغرض تحليل الأحداث بالوثائق والمصادر الخاصة، وقد سعى الباحث الى اعتماد مناهج أخرى حسب الأحداث وتأثيراتها، من خلال هذا البحث توصلنا إلى جملة من النتائج، من أهمها أن الحكومة العراقية عدّت إخلاء القرى سبباً لإنهاء الثورة الكوردية، والحصار الاقتصادي كان له دور بارز في هجرة سكان القرى وإخلائها مع ظهور عدة تأثيرات سلبية على المهاجرين بعد ترك قراهم وإقامتهم في المجمّعات السكنيّة الإجباريّة والمناطق الأخرى.



الكلمات المفتاحية: الحصار الاقتصادي، الهجرة القسرية، المناطق المحرّمة، سكان القرى، كوردستان العراق، التأثيرات.